# أتجاهات طلبة كلية التربية جامعة كرميان نحومهنة التدريس

**شريهان احمد محمد**
**قسم الرياضيات / كلية التربية / جامعة كرميان**
sharihan.ahmed@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** أتجاه طلبة كلية التربية ، مهنة التدريس

**كيفية اقتباس البحث**
محمد , شريهان احمد , أتجاهات طلبة كلية التربية جامعة كرميان نحومهنة التدريس,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Students' Attitudes towards the Teaching Profession at the College of Education, University of Kalar

Sherehan Ahmed Mohammed
Department of Mathematic/ College of Education / University of Kalar

**Keywords** : Students' attitudes towards the teaching profession

**How To Cite This Article**
Mohammed ,Sherehan Ahmed ,Students' Attitudes towards the Teaching Profession at the College of Education, University of Kalar,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The main objective of the current study is to know the direction of the students of the Faculty of Education, University of Garmian towards the teaching profession, to achieve those goals, Understanding gender differences in research variables the researcher followed the "descriptive social survey approach, the research community consists of students of the Faculty of Education - University of Garmian, the fourth stage of the departments (Kurdish language, Arabic language, English language, mathematics, physics, chemistry, biology, geography, history, psychology) for the academic year (2024-2025) and for the morning study. The total number of the students consists of (529) students. The researcher chose from this number a random sample of (20%) for students, which consists of (106) students, the researcher followed the criterion (the direction of students of the Faculty of Education, University of Garmian towards the teaching profession), which consists of (25) items for the student.

The researcher has used the statistical package for the social sciences (SPSS) to solve the scientific statistics (Pearson correlation coefficient, Weight Centennial, T-test for two independent samples, standard deviation, Arithmetic Mean, the weighted Arithmetic mean), Following the research steps and analyzing data and statistics, the researcher has come to conclude that the direction of students of the Faculty of Education of Garmian University, towards the teaching profession is positive.

## ملخص البحث

أهداف البحث: الهدف الرئيسي للبحث الحالي هو معرفة أتجاه طلبة كلية التربية جامعة گرميان نحو مهنة التدريس، معرفة الفروق بين الجنسين للمتغيرات البحثية لتحقيق تلك الأهداف اتبعت الباحثة " المنهج الوصفي المسحي الاجتماعي، يتكون مجتمع البحث من طلبة كلية التربية -جامعة گرميان، المرحلة الرابعة للاقسام( اللغة الكردية، اللغة العربية، اللغة الانجليزية، الرياضيات، الفيزياء، الكيمياء، الاحياء، الجغرافيه، التأريخ، علم النفس) للسنة الدراسية ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥) للدراسه الصباحيه، بواقع ( ٥٢٩) طالب . وقد اختارت الباحثة من هذا العدد عينة عشوائية بنسبة (٢٠%) للطلبه، والذى يتكون من(١٠٦) طالبا، اتبعت الباحثة معيار (أتجاه طلبة كلية التربية جامعة كرميان نحو مهنة التدريس) والذى يتألف من (٢٥) فقرة للطالب. واستخدمت الحزمة الإحصائية للعلوم الإجتماعية (SPSS) لمعالجة إحصاء بيانات البحث ( معامل ارتباط بيرسن، الوسط الحسابي، اختبار T لعينتين مستقلتين، الانحراف المعياري، النسبة المئوية، المتوسط المرجح) بعد تنظيم وإجراء البحث، ومعالجة إحصاء البيانات والمعلومات توصلت الباحثة إلى النتيجة، منها: أتجاه طلبة كلية التربية جامعة كرميان نحو مهنة التدريس ايجابية.

## ئاراستەی خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە

شريهان احمد محمد

بەشی بیركاری/ كۆلێژی پەروەردە / ز: گەرمیان

sharihan.ahmed@garmian.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە

- ئامانجەكانی توێژینەوە بریتییە لە:

-زانینی پێوانەی ئاراستەی(بۆچوون)ی خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردە زانكۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە .

-زانینی جیاوازی رەگەزی بۆگۆراوی توێژینەوەكە

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش،توێژەر میتۆدی "وەصفی شیکاری " بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بریتییە لە کۆلێژی پەروەردە خوێندکارانی قۆناغی چوار بەشەکانی (کوردی , عەرەبی , ئینگلیزی ،بیرکاری , فیزیا, کیمیا , بایلۆجی جوگرافیا ,مێژوو, دەروونناسی ) زانکۆی گەرمیان /خوێندنی بە یانیان
ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥) کە ژمارەیان (٥٢٩)خوێندکار ، لەو ژمارەیەش سامپڵێکی هەرەمەکی بەرێژەی (٢٠٪) وەرگرت بۆخوێندکار وەرگرت بریتی (١٠٦) خوێندکار. توێژەر پێوەری(ئاڕاستەی(بۆچوون)ی خوێندکارانی قۆناغی چوار کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە)ی لەسەر خوێندکار دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە پێك دێت (٢٥) برگە. پرۆگرامی پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنا spss ،توێژەر بۆ چارەسەری ئاماریی زانیارییەکانی توێژینەوەکە (هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن، ناوەندە ژمێری ، لادانی پێوەری).
دوا بەدوای ڕێکارییەکانی توێژینەوەو چارەسەری ئاماریی داتاو زانیارییەکان توێژەر بەم ئەنجامە گەیشتووە :
بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی(بۆچوون)ی خوێندکارانی قۆناغی چوار کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانە وتنەوە ئەرێنیە .

کلیلی ووشە : تیئاڕاستەی(بۆچوون)ی خوێندکاران، کۆلێژی پەروەردە، پیشەی وانەوتنەوە

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوە

بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوە

### گرفتی توێژینەوە

ئەمرۆ جیهان ڕووبەڕووی قۆناغێکی پێشکەوتنی فیکری و پەروەردەیی بۆتەوە، کە چەندین توێژینەوە ئەنجام دراون لە بواری پەروەردەیی، بۆیە زیاتر گرنگیی بەم بوارە دراوە، و دەبینین فیکری-هزری-پەروەردەیی گەشاوەتەوە و پرۆسەی پەروەردە بۆتە ڕێگەی وەبەرهێنانی —پێشکەوتنی-کۆمەڵایەتی و مرۆیی و جێبەجێکاری، کە پەیوەستە بە پێداویستییەکانی پەرەپێدان لە کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ( کاظم، ٢٠١٩:ل ٣٩). پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامی هەمیشەییە, مەبەست لێی ئامادەسازی و پەروەردەکردنی کەسەکەکانە بە شێوازێك کە بە تەواوی و گشتگیری پەروەردە کرابن، بۆ ئەوەی ببنە کەسانی گەشبین و سودبەخش بۆ خۆیانو کۆمەڵگەکەیان ( أبو دیە، ٢٠١١: ل ١٧ ). سەردەمی هاوچەرخ ئەوە دەخوازێت مامۆستا بەشێوەیەك ئامادە بکرێت، تا لە شێوازی نوێی خستنەڕووی بابەتەکاندا کارامە بێت و لێهاتوویەکانی بنوێنێت، توانای ئەوەی هەبێت مامەڵە لەگەڵ جیاوازییە تاکایەتیەکانی خوێندکاراندا بکات، هەروەها لە بەدواداچوونی نوێگەرییەکانی بواری پەروەردە بە گشتی و پرۆسەی وانەوتنەوە بەتایبەتی، گەشە بە توانا خۆییەکانی و تازەکردنەوەی زانیاریەکانی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ /العدد ٣

بدات، ئاشكرایە هەر ئەمەشە واتا و ناوەڕۆکی ئەرکی نوێی مامۆستا لەسەردەمی تەقینەوەی زانیاری و تەکنۆلۆژیادا. (الحیله و اخرون،٢٠٠١: ١١). کۆلێژەکانی پەروەردەی مامۆستایان تەنها گرنگی بە ئامادەکردنی پسپۆری نادەن، بەڵکو ئامادەکردنی قوتابی مامۆستا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پیشەکەیدا لە ڕێگەی دابینکردنی هەڵوێستی پۆزەتیڤ بەرامبەر ئەو پیشەیە. ئەمە بەتایبەتی گرنگە چونکە هەرچەندە هەڵوێستەکان تا ڕادەیەک جێگیر دەمێننەوە، بەڵام گۆڕانکاری دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. سەرەڕای ئەوەش، سەرکەوتنی داهاتووی مامۆستا لە پیشەکەیدا لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پیشەی داهاتووی هەیە. ئایائاراستەی(بۆچوون)ی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە ئەرێنیە؟

## گرنگی توێژینەوە:

بۆ مەبەستی هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکانیش پێویست دەکات گرنگی تایبەت بە بواری وانەوتنەوە بدرێت، چونکە پەروەردەییەکان باس لەوەدەکەن  کە پێویستە لە زانستی وانەوتنەوەدا، شێوەکانی ڕێکخستنی هەلوێستە فێرکاریەکان گەلاڵە بکرێن تا خوێندکار بە ئاراستەی بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان کارلێکیان لەگەڵدا بکات. زانستی وانەوتنەوە زانستی ناوەڕۆکەکانی وانەوتنەوە و ڕێگاکانییەتی، بە پشتبەستن بەمەش دەکرێت وانەوتنەوە هەریەك لە ناوەڕۆکی فێرکردن و خوێندکار و هاوکارییەکانی مامۆستا بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن و خوێندنگا وەك بواری زیندوی خوێندکار لەخۆبگرێت.(فگامی و اخرون،٢٠٠٠: ١٥). هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی پێویستە بۆ هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان، و بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەیی، کە رادەی وەدەستهێنانی ئامانجەکان دیاری دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان لە سەرجەم لایەنەکانی فێرکردن، بە ئامانجی باشترکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوون ( جامل، ٢٠٠١:ل ٨٩ هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی پێویستە بۆ هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان، و بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەیی، کە رادەی وەدەستهێنانی ئامانجەکان دیاری دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان لە سەرجەم لایەنەکانی فێرکردن، بە ئامانجی باشترکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوون ( جامل، ٢٠٠١:ل ٨٩ )

ئاشکرایە کە سیستەمی وەرگرتن لەزۆربەی کۆلێژەکانی پەروەردەی هە ریمی کوردستان پشت بە تێکڕای نمرە ی  خوێندکاران دەبەستێت لەخوێندنی ئامادەیی بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییەکان کە دەبێت لەبەردەستدا بێت بۆ قوتابیان کە گرنگترینیان ئاراستە(بۆچوون)بۆ پیشەی وانەوتنەوە ئەمە ڕێگە بە وەرگرتنی کۆمەڵێک خوێندکاردەدات کە نایانەوێت لەم کۆلیژانەناوی خۆیان تۆمار  بکەن، بەڵکو بەهۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ناچار کراون، یان هیوایان لە بەدەستهێنانی کورسی خوێندن لە کۆلێژەکانی تر لەدەست داوە، بەتضەنّد خالَیَك **طرنطي ئەم تویَذینەوە**دەخەتینەرۆوو:

١) له رووی تیۆری مامۆستا له پرۆسەی پەروەردەدا.

٢) له رووی ثراکتیکپیشەی فیرکردن و پەروەردە له بنیاتنانی مرۆڤ به گشتی.

٣) گرنگی ڕۆڵی کەسی ئامادە و لیهاتوو وەک فاکتەریکی سەرەکی له پرۆسەی بنیاتنان له بواره جۆراوجۆرەکانی.

٤) دابینکردنی زانیاری سەبارەت به هەڵویست بەرامبەر پیشەی وانەوتنەوە.

٥) کارکردن بۆ بنیاتنانی هەڵویستی پۆزەتیف بەرامبەر پیشەی وانەوتنەوە.

٦) ڕاکیشانی سەرنجی بەرپرسان بۆ پیویستی گرنگیدان به پیشەی وانەوتنەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

-زانینی پێوانەی ئاڕاستەی(بۆچوون)ی خوێندکارانی قۆناغی چوار کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە.

-زانینی جیاوازی رەگەزی بۆگۆڕاوی توێژینەوەکە

**سنوری توێژینەوە**

١- سنوری بابەت: هەڵسەنگاندنی خوێندکارانی قۆناغی چوار کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە.

٢- سنوری شوێن: زانکوی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردە

٣- سنوری مرۆی: خوێندکارانی بەشی (کوردی , عەرەبی , ئینگلیزی ،بیرکاری , فیزیا, کیمیا , بایلۆژی جوگرافیا ,مێژوو, دەروونناسی) زانکۆی گەرمیان /خوێندنی به یانیان

٤- سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

**پێناسەی چەمك و زاراوەكان**

**١-ئاراستەكان:**

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان كردووە

- **خلیفە** ( ١٩٩٠ ) : دۆخێكی ویژدانیی تاكە پێكهاتووە لەوەی كە پێی ڤایل بووە لە بیروباوەڕ و بۆچوونەكان، ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتێك یاخود كەسانێكی دیاریكراو هەیە، ئەم دۆخە زۆر پاڵی پێوە دەنێت هەستێت بە ئەنجامدانی كۆمەڵێ وەڵامدانەوە و رەفتارەوە، جا لە رێی ئەم



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد ٣

بەدەمهاتنەوە-وەڵامدانەوە-دا رادەی یاخود ئاستی وەرگرتن و رەتکردنەوەی تاك بۆ ئەم بابەتە پێشهاتە دەردەكەوێ ( خليفه، ١٩٩٠:ل ١٣).

-زهران (٢٠٠٣) : رێكخستنیەكی ئەگەرییە یاخود گۆڕانێكی توندوتۆڵە یان ناوەند( لەنێوان سەرنجراكێش و وەڵامدانەوە دایە) كە بریتییە لە ئامادەسازییەكی دەروونیی یاخود لۆژیكی دەماریی فێرخوازە بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی یە یاخود نەرێنی-وەرگرتن ورەتكردنەوە- لەمەڕ كەسانێك یاخود شتانێك یان كۆمەڵە بابەت یا كۆمەڵە هەڵوێستێكی دژواری قسەهەڵگرە لەو ژینگەیەی كە ئەم وەڵامدانەوەیە دەوروژێنێ ( زهران، ٢٠٠٣:ل١٧٢).

- **عماشه** ( ٢٠١٠ ) : سەرجەم وەڵامە ئەرێنی و نەرێنەكانە سەبارەت بە بابەتێكی كۆمەڵایەتی وروژێنەری دیاریكراو، روانگە وەك رێنماییكارێك بۆ رەفتار و پاڵنانی كار دەكات ( عماشه، ٢٠١٠:ل ١٥).

٢-**وانەوتنەوە**

هەریەك لەمانەی خوارەوەبەم جۆرە پێناسەیان كردووە :

- **الحيله** (٢٠٠١ ) :هاوسەنگییەكی وردە لە نێوان ئامانجەكان و ستراتیژەكانی بەرجەستەكردنی ئامانج و ئەزمونەكاندا، كە لەرێی هەڵوێستە پەروەردەییەكان و ژینگە كۆمەڵایەتیەكەوە دەستدەخرێن (الحيله،٢٠٠١: ٤٧).

- **أبو شريح**( ٢٠٠٨ ) : لە شارەزابوون لەو زانیاری و زانستانەی كە بەدەستهاتوون، و پێشكەشكردنیان لە لایەن مامۆستاوە بۆ فێرخواز بە بەكارهێنانی كۆمەڵێ رێگا و شێوازی وانەوتنەوە كە گونجاوبن لەگەڵ تەمەنی لۆژیكی و جەستەیی، و فێركردنی فێرخوازە بەو رێگا و شێوازانەی كە بەهۆیانەوە تێگەیشتنی زانیارییەكان وەدەست دەهێنرێن لە ژیانی رۆژانەیدا ( أبو شريح، ٢٠٠٨:ل٩).

- **الفتلاوى**( ٢٠٠٩): پرۆسەیەكی بە ئامانجە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ تێگەیشتنی لە ئەزموونی فێركاریی، و چالاكی و گونجان لەگەڵی، و سودوەرگرتن لە ئەنجامەكانی ئەم چالاكییە لە رێی رێكخستنی رەفتاری، و بەدەستهێنانی رەفتاری نوێی گونجاو ( الفتلاوى، ٢٠٠٩:ل١٨)

**زانكۆی گەرمیان**/ زانكۆیەكی حكومیە سەربە وەزارە تی خوێندنی باڵایە هەرێمی كوردستان – عیراق لەساڵی٢٠١١دامەزراوە، ناوەندی زانكۆكە لە قەزای كەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە.

## بەشی دووەم

## تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو لایەنی

### رەگەزەكانی(عناصر) پرۆسەی وانەوتنەوە:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

**١-ماموٚستا:** ماموٚستا به‌ بەردی بناغەی پرۆسەی پەروەدەیی, کۆڵەکەی هەموو چاکسازییەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەژماردەکرێ, بۆیە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نابێ ئەگەرهاتوو باشترین پرۆگرام و ئامادەکردن و چاکترین ناوەڕۆك بوونیان هەبێ بەڵام بە بێ بوونی ماموٚستایەکی گونجاو و لێهاتوو, کە بە باشی ئامادەیان بکات و پەرەیان پێ بدات و بیانکات بە واقیع و رەفتاری و لێهاتووی, هەربۆیە پەیوەندی ماموٚستا بە پرۆگرامەکان وەك پەیوەندی دادوەر وایە بە یاساوە, و سەبارەت بە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە ویستراوەکان, ئەوا ئەرکی قورسی بەدیهێنانی کەوتۆتە ماموٚستا لە رێگەی بەکارهێنانی رێگا و شێواز و شێوە وئامرازە فێرکارییە گونجاوەکان, و رەخساندنی بواری نوێی پەسەندکراوی خوێندن, کە فێرخوازانی لێی بەهرەمەند بن, و کەسایەتییان پەرە پێبدات لە سەرجەم بوارەکانی گەشەسەندنی عەقڵی و جەستەیی و ویژدانی وکۆمەڵایەتی ( الفتلاوی، ٢٠٠٨:ل٢٨).

**٢-پرۆگرام:** بێگومان ئامانجی سەرەکی لە خوێندن بریتییە لە گواستنەوەی وانە یاخود زانیارییەکان یان لێهاتووییەکان بۆ خوێندکاران, بە ئامانجی پەرەپێدانی کەسایەتیان, بۆ بەژداریکردن لە بوژانەوەی کۆمەڵگە لە ئایندەدا. بۆیە پێویستە بۆ گەیاندنی فێربوونی شتێکی نوێ بێت, یان پەرەپێدانی لێهاتوویی-بەهرە-و دڵنیابوون لەوەی کە فێربوون و تێگەیشتنی بۆ وەدەستهێنراوە, تا زیاتر رێگەی وانەوتنەوە گونجاوتربێت بۆ فێرخوازان گەیاندنی باشترە, بەوەی کاتی گونجاو و ئاست و شێواز و هۆکارەکان, و بڕی وانەی داواکراو و جۆر و شیاوێتی خوێندن وردتر و تۆکمەتر و جێگیرترە و لەوپەڕی ئاست بەرزیدایە ( الجبوری والتمیمی، ٢٠١١:ل ٩-١٠).

**٣-خوێندکار(فێرخواز):** ئەوەی خوێندکار هەیەتی لە خەسڵەتە کەسی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان, و ئەوەشی کە هەیەتی لە حەز و پاڵنەری خوێندن, هەموو ئەمانە لە بنەما و پرەنسیپەکانی وانەوتنەوەی سەرکەتوو هەژمار دەکرێن, هەربۆیە خوێندن و فێرکردن بە بێ خوێندکار بوونی نیە, و فێربوون بەدی نایەت بە بێ بوونی حەز و پاڵنەری فێربوون و خوێندنی خوێندکار ( کاظم وئ‌ەخرون، ٢٠١٩:ل٤٥-٤٦).

### رۆڵ و تایبەتمەندی ماموٚستای کارا:

ماموٚستا لە گرنگترین بەشەکانی دەروازە فێرکارییەکانە (مدخلات)، ئەو بەرێکەر و رێکخەری پرۆسەی فێرکردنە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ماموٚستا خاوەنی چەندین لێهاتووی نواندن و پێشکەشکردن و پیشەیی و ئاکاری و زانستی بێت، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنگە و پرۆگرام و خوێندکار و کۆی ژینگەی پەیوەندیدار بە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە.

بەگشتی تایبەتمەندییەکانی مامۆستایەکی کارا لەسەر چەند ئاستێکدا دەوەستێت:

١. پەیوەندیەکانی نێوان: مامۆستای مێژوو، پرۆگرام، خوێندکار، و ژینگەی پۆل.

٢. ئەزمونەکانی وانەوتنەوە و ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەزمونەکانی فێرکردن فێربوونەوە هەیە.

٣. بوونی پاشخانێکی ئەکادیمی (یان ئامادەکردنی زانستی) لای مامۆستا.

٤. پەیوەندییەکانی نێوان: مامۆستا و خوێندنگە و کۆمەڵگە. (زیتون،٢٠٠٤: ٢٨٢)

بە وردکردنەوەی ئەم پەیوەندییانە، دەکرێت تایبەتمەندیەکانی مامۆستا لە چەند لایەنێکەوە بخرێنەڕوو، ئەوانیش:

١. تایبەتمەندییە جەستەییەکان:

- پێویستە لەڕووی تەندروستییەوە خاوەنی هێز و چالاکی پێویست بێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پیشەییەکانی لە وتنەوەی وانەیەکی سەرکەوتوودا.
- تا بکرێت کەموکوڕی و کەمئەندامی ئاشکرای تێدانەبێت، وەك گیرانی زمان و کوێری و ..تاد، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگەی گاڵتەپێکردنی خوێندکاران و دواتریش کاریگەری نەبێت لەسەر ئاستی نواندن وانەوتنەوە، چونکە لەبنەڕەتدا مەرجە لانیکەم مامۆستا لەڕووی جەستەییەوە تەندروست بێت.
- گرنگی بە لایەنی ڕوخساری و ڕەفتاری و جوانکاری و هەماهەنگی جلوبەرگی بدات، چونکە مامۆستا نمونەیەی باڵایە لە دیدی خوێندکارەکەیەوە. (هایت،١٩٥٦: ٤٢).

٢. تایبەتمەندییە عەقڵی و زانستییەکان:

- خاوەنی زیرەکی و زانیاری پێویست بێت و بشتوانێت ئەو زیرەکی و زانیارییە بە شێوەیەکی گونجاو بگەیەنێتە خوێندکارەکانی. ئەو وانەیەی کە دەیڵێتەوە بە باشی و قوڵی شارەزایی تێدا هەبێت، تەنها بە وتنەوە و لەبەرکردنی وانەکە کۆتایی پێنەهێنێت، بەڵکو بۆ مامۆستایەکی وەك مامۆستای مێژوو پێویستە بنچینە و سود و گرنگی و بنەما سەرەکییەکانی وانەکەی بزانێت، بتوانێت لە ڕوداو و زانیارییە مێژووییەکان دەرئەنجام و گشتاندن هەڵێنجێت.(هایت،١٩٥٦: ٤٢).

- پێویستە مامۆستا لە بابەت و بەکارهێنانی کەرەستەکاندا بەتوانا بێت، زانیاری پێویستی لەسەر شێواز و بنەما هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە هەبێت، لەمەشدا دەبێت خاوەنی زانیاری و زیرەکی پێویست بێت، چونکە رێگای وانەوتنەوەی کاریگەر بە بێ زانیاری و توانای مامۆستا و زیرەکییەکی سودێکی ئەوتۆی نابێت.

- مامۆستای زیرەك هەوڵدەدات زانیاری هەبێت لەسەر دەرون و عەقڵ و ئاراستە و ئارەزوو و ئامادەگی و توانای خوێندکارەکانی هەبێت، تا بتوانێت لە مامەڵەکردندا سەرکەوتوو و کاریگەر بێت و مامەڵە لەگەڵ کێشە و ململانێکاندا بکات.(حسين و حسين،٢٠٠٧: ١٤٤)

٣. تایبەتمەندیە ئاکاریەکان:

- پێویستە بە ڕادەیەکی پێویست شارەزایی لە بنەماکانی ئاکار و سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئابوریدا هەبێت، بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بە ئاراستەیەکی تەندروست و سودبەخشدا ببات، چونکە هەریەك لە بنەماکانی ئەو زانستانە هاوکاری باشن لە پەرەپێدانی هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی خوێندکاراندا.

- پێویستە مامۆستا نەرمونیان و بەسۆز بێت لەگەڵ خوێندکارەکانیدا، تا خۆشەویستی و توانا و لێهاتووییەکانیان بەلای خواستن و راهێنانەکانیدا رابکێشێت، دوریش بکەوێتەوە لە توڕەبوون و هەڵچوون و توندوتیژی و ڕق و ...تاد.

- خاوەنی دانایی و ئەدەب و توانا بێت، ئەمەش بە ئاراستەی مامەڵەکردنێکی باش لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بشکێنێتەوە، متمانە و گرنگیپێدان و خۆشەویستی لەنێوان خۆیی و خوێندکارەکانیدا بروێنێت.

- لە گەیاندنی پەیامەکەیدا دڵسۆز بێت. (الجقندی،٢٠٠٨: ٣٧٠)

٤. تایبەتمەندییە پیشەییەکان:

- رێز لە رێسا و یاساکانی پیشەی فێرکردن بگرێت.

- لە بابەتی ئاکارەکانی پیشەی فێرکردن بکۆڵیتەوە و شارەزا بێت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

- ئارەزووی پەرەپێدانی پیشەیی هەبێت و لە وەرگرتنی زانیاری لەسەر پیشەکەیی و بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بەردەوام بێت.
- پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ خێزانی خوێندکاردا هەبێت.
- لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکاندا خوێندکاران وشیار بکاتەوە.
- هاوکاری خێزانی خوێندکارەکان بکات و هانیان بدان بۆ ئاراستەکردنی پیشەیی و فێرکردنی رۆڵەکانیان.
- لەگەڵ خوێندکاراندا بەشداری لەو کارە گروپییانەدا بکات، کە خزمەتی ژینگە و بواری گشتی دەکەن.
- پێویستە نمونەیەکی باش بێت بۆ ئەخلاقە بەرزەکان و خۆی دوربگرێت لە گومانی خراپی خوێندکارەکانی.
- لە پێناو بەرژەوەندی خوێندنگەدا، هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە و سەرپەرشتیاری پەروەردەییدا بکات. (خجر،٢٠٠٦: ٣٨٩)، (الترتوری و القچاە،٢٠٠٦: ٥٢) (حراشە،٢٠٠٧: ٥٢).

**گرنگی لێهاتووییەکان لە وانەوتنەوەدا:**

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردن لەسەر چەند هۆکارێکی سەرەکی وەستاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی باشترین پرۆگرام و چالاکی و بینای خوێندن و ئامرازەکانی فێرکردن، سەرەڕای ئەوەی گرنگی تایبەتیی خۆیان هەیە، بەڵام ئامانجە پەروەردەییەکان ناهێننەدی، گەر هاتوو مامۆستای بابەتەکان خاوەنی کارامەیی و لێهاتووییە پێویستەکانی وانەوتنەوە و تایبەتمەندییە کەسێتییەکان نەبێت. چونکە مامۆستا لە ڕێی لێهاتووییەکانەوە دەتوانێت خوێندکارەکانی فێربکات و لەسەر ئەزمونە جۆراوجۆرەکان و فراوانکردنی ئاستی وشیارییان و تێگەیاندنی چەمکەکان و گەشەپێدانی کەسێتییان و شێوازەکانی بیرکردنەوە و بەگەڕخستنی تواناجیاوازەکانیان رایانبهێنێت.(سمارە،٢٠٠٥: ١٣).

لێهاتووییەکان و گرنگی دەرکەوتنیان زیاتر بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی کە جۆرێك لە بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان لەسەر بنەمای

لێهاتووییەکان هاتەئاراوە، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ گۆڕانکارییە نوێکانی ژیان بەگشتی و بواری پەروەردە بەتایبەتی، چونکە پێویستی بەوەدەکرد کە مامۆستا و جۆری ئامادەکردنەکەی وەك هەر بنەمایەکی تری پەروەردە ئەرکەکانی نوێبکرێنەوە و لە ئاستی قۆناغ و ژیانە هاوچەرخەکەدا بێت.(جامل،٢٠٠١: ١٨)

لێرەوەیە لێهاتووییەکانی وانەوتنەوە لە سەردەمی نوێدا زیاتر و زیاتر بایەخییان پەیداکردووە، ئەم گرنگییانەش لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەون:

١. لێهاتوویی بۆ ئاسانکردنەوە و سادەکردنەوەی زانیارییەکان لای خوێندکار: ئەم لێهاتووییە لەسەر توانا و زانیارییەکانی مامۆستا و جۆرایەتی پرۆگرامەکە وەستاوە، لێهاتوویی مامۆستا رۆڵێکی کارا لە سادەکردنەوەی زانیارییەکان و ڕوونکردنەوەیان دەبینێت، بەر لە هەرشتێکیش تێگەیشتنی قوڵی مامۆستا بۆ بابەتەکە و شێوازە و کەرەستەکانی وانەوتنەوە پێویستە. (نصرالله،٢٠٠١: ٦٩).

٢. لێهاتوویی بۆ نواندنێکی ئاسان و کارای مامۆستا: هەر کەسێك لە هەر بوارێکی دیاریکراودا، خاوەنی لێهاتوویی پێویستی بوارەکەی بێت، ئەوا دەتوانێت لە ئاسانترین شێوەیدا کارەکە بە باشی ئەنجامبدات، بە دوبارە کردنەوە و بەردەوامبوونی لەسەر ئەو کارە خێرایی و وردی و چاکترکردنی کارەکەی زیاتر دەبێت.(الامین،١٩٩٠: ٦٨).

بەم پێودانگە، مامۆستای مێژوو پێویستە خاوەنی لێهاتوویی پێویستی وانەوتنەوەی بابەتەکەی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسان و کارا وانەکەی بڵێتەوە و بۆ خودی خۆیی و خوێندکارەکانیشی بابەتەکەی لە وشکی و سەختی رزگار بکات.(زیدان،١٩٩٥: ٣٧).

٣. لێهاتوویی بۆ بەشدارپێکردنی خوێندکار: پەروەردەکاران پێیانوایە فێرکردنی سەرکەوتوو بە چالاکی خوێندکاران و ئاراستەکردنەکانی مامۆستایان پشتدەبەستێت، جەختیش لەوەدەکەنەوە بە خوێندکاران ڕاهێنان بکەن و بەشداریان بکەن و بیانخەنە دۆخی گفتوگۆ و قسەکردنەوە لە وانەکاندا، دیارە چەندین لێهاتوویی وانەوتنەوەش کار لەسەر ئەم بوارەدەکەن و وادەکەن مامۆستا لەزۆر بواری وانەکەدا گرنگی بە خوێندکاران بدات و چالاکییان بکات، هەروەك چۆن هەر لێهاتووییەکانن مامۆستا دوردەخەنەوە لەوەی تەنها زانیاری ئاراستەی خوێندکارەکان بکەن و وانەکە بە وشکی پێشکەش بکەن و دۆخێکی بێزارکەر دروستبکەن. (نصرالله،٢٠٠١: ٧١).

٤.لێهاتوویی هاوکارە بۆ بەکارهێنانی گونجاوی تەکنۆلۆژیای فێرکاری و تازەگەرییەکانی: تەکنۆلۆژیای پەروەدەیی زیاتر پەیوەستە بە بیروبۆچوونەکانی (سکینەر) سەبارەت بە هەلومەرجە ڕێکارییەکان و کردەی پێکهێنانی رەفتار، چونکە پرۆسەی فێرکاری بەسەر زنجیرەیەك لە هەڵوێستە بچووك و یەك لەدوایەکەکاندا دابەشدەکات، تا لەرێیەوە خوێندکار هەنگاو بەهەنگاو فێرببێت، لەبەرئەوە تەکنۆلۆژیای پەروەردەیی و ئامرازە فێرکارییەکان دەروازەیەکی نوێ بەسەر سەرچاوە و رێگاکانی وانەوتنەوەی نوێدا دەکەنەوە، یەك لە هۆکارەکانی بەرجەستەکردنی خوێندنی کارا و بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان پشت بە لێهاتوویی پێویستی مامۆستا و بەتوانایی لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا دەبەستێت.(جامل،٢٠٠١: ٢٠).

٥. لێهاتوویی ئاستی وانەوتنەوەی مامۆستا بەرزتر دەکاتەوە: بەو پێیەی وانەوتنەوەی کارا بۆ توانای مامۆستا لە رێکخستنی خوێندکاران و رێکوپێککردن و ئاراستەکردنیان دەگەڕێتەوە، لێرەوە وانەوتنەوە و بەکارهێنانی لێهاتووییەکان دەبنە هۆکارێکی ئاراستەکاری پرۆسەی فێرکردن و بەرزکردنەوەی رادەی فێربوون.(العبیدی و اخرون،٢٠٠٦: ٦).

بۆیە پێویست دەکات مامۆستا لە بەجێهێنانی ئەرك و کارەکانیدا شیاو و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی زیاتر نزیك ببێتەوە لە بەرجەستەکردنی ئامانجەکان، ئەمەش بە دەستخستنی لێهاتوویی پێویست و پەروەدەکردنی خۆی لەسەر بەکارهێنانی ئەو لێهاتووییانە دەبێت، لە پێناو بەرزرکردنەوەی ئاستی وانەوتنەوە و باشترکردنی.(اللقانی و رجوان، ١٩٧٤: ٤٧).

٦. لێهاتوویی ئارەزوو و سەرنجی خوێندکارەکان رادەکێشێت: لێهاتوویی، وروژاندنی هزر بەرهەمدەهێنێت، چونکە لەلایەك پەیوەندییەکی کارا لەگەڵ خوێندکاردا بەدیدەهێنێت، لەلایەکیتر کاریگەری ویژدانی و هەڵچوونیی بە ئاراستەی ئەرێنیدا بەرجەستە دەکات، دیارە ئەمەش لەکاتی وانەوتنەوە و خستنەڕووی بابەتەکەوە بەدیدێت. (لومان،١٩٨٩: ٢٣)

**-پێکهاتەکانی ئاراستە:**

**١-ئاراستەی رەفتاری:**

جەخت دەخاتە سەر ڕۆڵی هەریەك لە ورژێنەری مەرجی و ورژێنەری سروشتی لەسەر توانستی رووودانی رەفتارە ئەرێنییەکان لە بری رەفتارە نەرێنییەکان, ئەمەش لە رێگەی بەهێزکردن و یارمەتیدانی هەڵوێستە ئەرێنییەکانەوە کە لە لایەن تاکەوە دەردەچن.

**٢-ئاڕاستەی مەعریفی ( زانیاری):**

هەڵگران و شوێنکەوتووانی ئەم ئاڕاستەیە وای دەبینن کە ڕێکخستنی مەعریفی و بونیادی مەعریفی و جەخت خستنە سەر گەشەی مەعریفی خوێندکاران, لە بابەتە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی ئاراستە ئەرێنییەکانن ( الحسناوی، ٢٠١٩:ل ٧١-٧٢).

**٣-ئاڕاستەی ویژدانی:**

بریتییە لە هەستێکی گشتی لە لایەن تاکەوە دەربارەی شتێك یاخود کەسێك, و کاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی شت و کەسەکە یاخود ڕەتکردنەوەی بە هەمانشێوە, جا گرنگ نییە ئەم پێکهاتە سۆزدارییە لۆژیکی بێت, بۆ نموونە دەبینرێ خوێندکارێك هەست بەوە دەکات کە وانەی بیرکاری بەلاوە پەسەند و خۆشەویستە و دەست دەکات بە خوێندنەوە و شارەزابوونی, بێ ئەوەی هۆکاری ڤایلکراوی هەبێ سەبارەت بەو حەز و خۆشەویستیەی بۆ وانەکە ( الحیلە، ٢٠٠١:ل ٣٦٧).

**هۆکارە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی ئاراستە:**

١-**هۆکارە شارستانییەکان:** ئەمانەش زۆر و جۆراوجۆرن, نموونەی ئەمانە وەك: مزگەوت و قوتابخانە و ئەو ناوچەیەی کە تاك تێیدا دەژی, لەگەڵ شوێنی ئیش و کارەکەی.

٢-**خێزان:** منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا کاریگەرە بە ئاراستەکانی دایك و باوك و ئەندامانی خێزانەکەی, سەبارەت بە بابەتانێکی دیاریکراو یاخود کەسانێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە کارێکی دیاریکراو, کە ئەم ئاڕاستانە یاخود هەندێکیان بەدەست ئەهێنێ ئەوەش لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە و فێربوون.

٣-**خودی تاك:** پەروەردەی کۆمەلایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك و تایبەتمەندی بوونی لە کەسانی تر, لە ڕێی ئەوەی بەدەستیان ئەهێنێ لە حەز و ئاڕاستەکان.

٤-**ئەزموونی هەڵچوونی لە ئەنجامی هەڵوێستێکی دیاریکراو:** ئەم ئەزموونە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێکهێنانی ئاراستە چ بە ئەرێنی یاخود بە نەرێنی.

٥-**ڕەزامەندی و خۆشەویستی کەسانی تر ( دەوروبەر):** بۆ نموونە ئەو کەسەی کە یاری تۆپێ پێ یاخود یاخود تۆپی دەست یاخو باسکە دەکات, وابەستەیە کە بە یاساکانی ئەو یارییە بە شێوەیەك کە ڕەزامەندی هاوڕێیانی بەدەست ئەهێنێ, جا بەم هۆیەوە کۆمەڵە ئاڕاستەیەکی لا پەسەند دەبێت کە خۆیان لەوە دەبیننەوە بەوەی وای لێدێت سوربێت لەسەر وابەستەبوونی بە ئاداب-یاسا -کانی یاریەکە ( الزیود و اخرون، ١٩٩٩ :ل ١١٥).

**مەرجەکانی پێکهێنانی ئاڕاستە (مەرجە پێکهێنەکانی ئاڕاستە):**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**یەکەم: روونیی ئەزموون:**

بەدڵنیاییەوە ئەو ئەزموونانەی هەستیاری روونن بە شێوەیەکی بەرفراوان بەژدارن لە پێکهێنانی ئاراستە دەروونییەکان دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراو, چ ئەرێنی بن یاخود نەرێنی, چونکە کاریگەری گەورەی دەبێتە سەر ناخی مرۆڤ و دەسەلآتی هەیە بەسەر رەفتارەکانی لەو هەڵوێستە کۆمەلآیەتیە جیاوازانەی کە پەیوەندییان بەم دیاردەوە هەیە.

**دووەم: دووبارەبوونەوەی ئەزموونی:**

ئەوەی کە توشی مرۆڤ دەبێت لە ئەزموونەکانی-پسپۆرییەکانی- تایبەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو, هەرچەندە دلّخۆشکەر بێت یاخود دلتەنگ بۆ جارێك روو بدا لە ژیانی, یاخود چەند جارێك رووبدات, بە هیچ شێوەیەك ناکرێت پشتی پێ ببەسترێ بۆ پێکهێنانی ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم دیاردەیە, چونك ئەم پسپۆرییانە دیاریکراو و بەرتەسکن بەس نین بۆ تاقیکردنەوە و دیاریکردنی باشترینی نێوانیان, هەربۆیە پێویستە ئەزموونەکان دووبارە ببنەوە بە پێی چەند ماوەیەکی سەردەمی نزیك لە یەك, تاوەکو ئاراستە پێك بهێنرێ لە روانگەی سێ قۆناغەکەوە.

**سێیەم: رێکوپێکیی تەواوکاری ئەزموون:**

ئەوەی کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە ئەزموونەکان دلّخۆشکەر بن یاخود ئازاربەخش, لە ئەنجامی چالاکیەتی لەگەلّ کەسانی تر لە دۆخێکی کۆمەلآیەتی کە پەیوەستە بە دیاردەیەکی دیاریکراو, ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ لەوەی گشتگیر بکرێ بۆ سەرجەم دۆخە جیاوازەکانی تر, هەرچەندە ئەگەرهاتوو پەیوەست بە خودی ئەو دۆخە کۆمەلآیەتییە جیاوازانە بێت کە پێیاندا تێپەڕ دەبێ و پەیوەستە بە دیاردەیەکی دیاریکراو, هەتاوەکو ئەوەی ئاراستە بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی پێك بهێنرێ (عمر ،١٩٩٠:ل٢١٢-٢١٣) .

**چوارەم: جیاوازیی ئەزموون:**

هەر ئاراستەیەکی دەروونی تاك دەربارەی دیاردەیەك, جیاوازە لە روانگەی دەروونی ئەو بۆ دیاردەیەکی تر, و لە سەرجەم خەسلّەتەکانیدا لەگەلّی جیاوازە, جا دەکرێ مرۆڤ ئاراستەیەکی ئەرێنی هەبێ دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراو, لە هەمانکاتدا ئاراستەیەکی نەرێنی بێت بۆ دیاردەیەکی تر لە هەمان ئەو کۆمەلگەیەی کە تێیدا دەژی.

**پێنجەم: گواستنەوەی ئەزموون:**

ئاراستەی دەروونی لای تاك دەربارەی دیاردەیەکی ناو کۆمەلگە ئەسیر=دیل-ە لە عەقلّیدا, چونکە هیچ سوودی نیە گەرهاتوو لە سنوری خاوەنەکەی تێنەپەرێ, کە دواتر هیچ گۆڕانکارییەك لەم دیاردەیە روو

نادات, جونكە لەوە لاوازترە کە بتوانێت جولە بخاتە نێوانیان, بەدڵنیاییەوە هێزی ئاراستەی دەروونی بۆ دیاردەیەك, لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێو خەڵکیدا دەگوازرێتەوە و بەربلاو دەبێتەوە لەسەر سەرجەم ئاستە مرۆییەکاندا ( محمد، ٢٠١٠:ل ٤١).

**ئەرکەکانی ئاڕاستە:**

ئاڕاستە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە ئەرکێکی هەمەجۆر لە ژیانی تاکدا, کە یارمەتی دەدات لەسەر چۆنێتی ژیان لە سەردەمەکەی لە رووی عورف و سیستەم, و دامەزراوەکانی, و هەلی رەخساندنی ئەوەی پێ بدرێت کە گوزارشت لەسەر خودی خۆی بکات.

١-ئەرکی چۆنێتی: کە یارمەتی ئاڕاستەکان دەدات بۆ وەدەستهێنانی زۆرێك لە ئامانجەکانی کەسەکە, بەهێزی دەکات بۆ خۆگونجاندن دەربارەی هەڵوێستە نوێیەکاندا.

٢-ئەرکی رێکخراوەیی: کەسەکە کۆمەڵێ پێوەر و سەرچاوەی وەدەست دەهێنێ بۆ رێکخستنی ئەزموون و زانیارییەکانی .

٣-ئەرکی بەرگری: بەو پێیەی تاك کاتێ لە دایك دەبێت کۆمەڵێ ئاراستەی نوێی هەیە لە گەڵێ, کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەرکێکی بەرگری لە خود لەکاتی روودانی گۆڕانکاری لە ژینگەدا ( الكبيسى, الداهرى، ١٩٩٩:ل ١٢١-١٢٢).

٤-ئەرکی لێکۆڵینەوەی خود: تاك بە سروشتی خۆی کۆمەڵێك ئاڕاستە وەردەگرێ کە رەفتارەکانی ئاراستە دەکەن و هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنن گوزارشت لە خودی خۆی بکا, و کەسایەتی دیاری بکا لەگەڵ پایەی لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی( الزعلول, المحاميد، ٢٠٠٧:ل ١٩٠).

**پێوەری ئاڕاستەکان:** پێوەری ئاراستەکان ئەوە دەخوازێت کە تاك وەڵامی زنجیرەیەك لە برگە و دەستەواژەکان بداتەوە, توێژەر یەکێك لە رێگەکانی پێوەری ئاڕاستەکان وهەڵدەبژرێ بۆ بابەتێك بۆ هەر وەڵامدانەوەیەك بەهایەکی دیاریکراو دابنێ, و نمرەی بەرزیش بەلگەیە بۆ ئاڕاستەی گشتی ئەرێنی, و نمرەی "سالب"یش ئاماژەیە بۆ ئاڕاستەی گشتی نەرێنی.

**بەناوبانگترین رێگەکانی پێوەری ئاڕاستەکان:**

١-**پێوانکاری لیکرت:** ئەم پێوانکارە لە چەند برکەو پرسیارێك دەربارەی (دیاردە یان کەس یان نەتەوە یان بابەتێك ) پێکدێت لە بەرامبەر هەر برگەو پرسیارێك چەند وەڵامێك هەیەو داوا لەکەس تێست بۆ کراو دەکرێت کە نیشانەی (√) لە بەردەم یەکێك لە ئەو وەڵامانە دابنێ کە لەگەل راو بۆچوونەکانی دەگونجێت, ژمارەی وەڵامەکان بەپێی تەمەن و ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەگۆڕێن , واتا ئەگەر تاکەکان تەمەنیان بچووك بوو وە ئاستی رۆشنیریشیان نزم یان مامناوەندی بوو ,

ئەوە باشتروایە کەژمارەی وەڵامەکان (٣) دانە بن ( رازیم ,راوبۆچوونم نیە ,نارازیم ) ,بەڵم ئەگەر تاکەکان تەمەنیان گەورە بوو وە ئاستی رۆشنبیرشیان بەرزبوو ,ئەوە باشتر وایە ژمارەی وەڵامەکان (٥) دانەە بن (زۆر رازیم , رازیم , بێ لایەنم ,نارازیم ,زۆر نارازیم ) (قەرەچەتانی، ٢٠١٨:ل ٢٢٠)

٢-**ڕێگەی ترستۆن**: ئەم ڕێگەیە هەڵدەستێ بە بەراوردی نێوان دوو شتی ورووژێنەر یاخود دوو شتی ئاسایی بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە بزانرێ کامەیان بەهێز و پەسەند و باشترە, جا لەم ڕێگەیەدا ئەوەی کە لەوی تر باشترە هێمای (+1) بۆ دادەنرێ و بۆ ئەوەی تر (-1) بۆ دادەنرێت, بەلاّم لە حاڵەتی بەراوردی نێوان خودی شتێکدا ئەوا هێمای (-) بۆ دانانرێ, و نمرەی تاك لەم پێوەرەدا بریتییە لە نمرەی ناوەند بۆ ئەو رستانەی کە هەڵیان دەبژێرێ ( الصیفی، ٢٠١٥:ل١٧).

٣-**ڕێگەی بودگارس**: ئامانجی ئەم ڕێگەیە پێوانەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی نێوان کەس و کۆمەڵەکان, وناسینی دۆخی وەرگرتنیانە بۆ نەتەوەکانی تر, راستەی داناوە بۆ وەرگرتنی کۆمەلاّیەتی, لە حەوت برگە پێك دێت, کە برگەی یەکەم ئەوپەڕی دۆخی وەرگرتن لەخۆ دەگرێ, و بە پێچەوانەشەوە برگەی حەوتەم ئەوپەڕی رەتکردنەوە لەخۆ دەگرێ. ( الكبيسى والداهرى، ١٩٩٩ :ل ١٢٣-١٢٤)

## گرنگی پرۆسەی پێوەری ئاراستەکان:

تۆکمەیی ئەم گرنگییە لە ڕێی پراکتیزەکردنی پرۆسەی ( الانفگاو) و بەهێزکردن بۆ رەفتاری کەسەکان لە بوارێکی دیاریکراو بە پێی ویستی هەڵسوراوانی ئەم پرۆسەیە, لێرەدا کۆمەڵێك هەڵێنجاندنی روون هەن بۆ گرنگی پرۆسەی پێوەری ئاراستەکان ئەوانیش بریتین لە:

١-توانای پرۆسەی پێوەری ئاراستەکان بۆ پێشبینی بە رەفتار.

٢- توانای پرۆسەی پێوەری ئاراستەکان بۆ لێکۆڵینەوەی رادەی راستیی تویژینەوە تیۆرییەکان.

٣-سودە کردەییەکانی پێوەری ئاراستەکان خزمەتی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و پیشەسازی و راگەیاندنی و چەندین لایەنی دیکەش دەکات ( کمال، ٢٠٠٦:ل ١٧٧).

## جۆری ئاراستەکان:

١-**ئاراستە کۆمەڵی و تاکەکسییەکان**: ئاراستە کۆمەڵییەکان ئەوانەن کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان تیایاندا بەژدارن لە کەس و کۆمەڵگەکان, و ئاراستە تاکەکسییەکان ئەوانەن کە تاکەکەسین, واتە کەسێك لە کەسێکی ترەوە جیا دەکەنەوە.

**٢-ئاڕاستە هەستی و نەستییەکان:** ئاڕاستەی هەستی ئەوەیە کە تاك بەبێ خۆپارێزی و ناڕەحەتی دەری دەبڕێ, و ئەم ئاڕاستەیە زۆر جار لەگەڵ پێوەر و بەها ڕەوشتی-ڕەفتاری-یەکانی کۆمەڵدایە.

ئاڕاستەی نەستی ئەو ئاڕاستەیە کە تاك دەیشارێتەوە و دەرینابڕی, و زۆرجار لەگەڵ لەگەڵ پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵ یەکناگرێتەوە.

**٣-ئاڕاستە گشتی و ئاڕاستە تایبەتییەکان:** ئاڕاستە گشتییەکان ئەوانەی سیفەتی گشتێتیان هەیە و بەربلاّو دەبێتەوە لە نێو تاکەکانی کۆمەلگە, بەلاّم ئاراستە تایبەتییەکان ئەوانەن کە تایبەتن لە خودی تاکەنەوە بەرجەستە دەبن.

**٤-ئاڕاستە موجەب و ئاڕاستە سالبەکان:** ئاڕاستە موجبەکان ئەوانەن کە هاوڕا و پاڵپشی تاك دەبن, و ئاڕاستە سالبەکان ئەوانەن کە دژی تاکن و هاوڕا نین لەگەڵی.

**٥-ئاڕاستە بەهێزەکان و ئاراستە لاوازەکان:** ئاراستە بەهێزەکان ئەوانەن کە تێپەڕبوونی کات هەر بەهێزی دەمێننەوە, لە ئەنجامی دەستگرتوویی تاك بە بەهاکانی خۆی, ئاراستە لاوازەکانیش ئەو ئاڕاستانەن کە بە ئاسانی دەتوانرێ دەستبەرداریان بێ, و شایەنی گۆڕان و ئاڵۆگۆڕن لە ژێر ناڕەحەتیی دۆخ و دژوارییەکان(عماشه، ٢٠١٥:ل ٢٣-٢٤)

## بەشی سێیەم : ڕێباز و کردارەکانی توێژنەوە

### میتۆدی توێژینەوە

